گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 2927 (PP 50-64)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.4

توێژینەوە

# ئیستاتیکای فرەجۆریی دەقئاوێزان لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا

**ناز ئەحمەد سەعید/** بەڕێوبەرێتی مەشق و ڕاهێنان، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**ئەڤین ئاسۆس حەمە /** بەڕێوبەرێتی پەروەردەی ڕانیە، بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی ڕاپەڕین، وەزارەتی پەروەردە، ڕانیە، هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

گەشەو ئیستاتیکای ئەدەبی، لە هەندێ بارودۆخدا پەیوەستە بە پەیوەندییە ناوخۆییەکان. دەقئاوێزان، وەك میتۆد و ڕێبازێکی ڕەخنەیی، یارمەتیدەرێکی وزەبەخشی ئەرێنیە بۆ دەرخستنی فۆرمی ئەم گەشە و ئیستاتیکایە، جگە لەوەی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی ئەوەیە کەوا هەر دەقێک دەشێت لە پەیوەندییەکی کارتێکردندا بێت لەگەڵ دەقەکانی پێش خۆی، ئەمەش وەک دیاردەیەکی ئەدەبی بەرچاودەکەوێت، کەوا لەژێر ڕۆشنایی دەقئاوێزاندا خۆی بەرجەستە دەکات. بەم پێیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو سیما ئیستاتیکیانەی لە ئەنجامی فرەجۆریی دەقئاوێزان لە شیعرەکانی صافیدا بەرچاودەکەون.

دەقئاوێزان وەک دیاردەیەکی ئەدەبی، پەیوەستە بە ڕادەی کاریگەری و کارتێکردنی شاعیران لەگەڵ یەکتری، لەبەرئەوە صافی هیرانی وەک شاعیرێکی کلاسیک لە ژێر کاریگەری شاعیرانی کلاسیکدابووە و لە هەمانکاتیشدا هۆشیاری و باڵادەستی شاعیر بەسەر دیاردە ئەدەبی و کلتورییەکان و ڕۆشنبیرییەکانی قۆناغەکەی، ئەنجامی ئەو کاریگەرییە پیشاندەدات. لەبەر ڕۆشنایی ئەم کاریگەرییەدا توێژینەوەکەمان ئەو ڕەهەندە ئیستاتیکییانەی دەرخستووە کەوا فرەجۆریی دەقئاوێزان لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا دەردەخەن، هەروەک؛ دەرخستنی ئەو دیاردە دەقئاوێزانیانەی لە ئەنجامی کاریگەری شاعیرانی کلاسیک لەلایەک و لەلایەکی تریش ئەو ڕەهەندانەی دەقئاوێزانی کلتوری وئاینی ڕۆشنبیری و فۆلکلۆری دەردەخەن.

CORRESPONDENCE
ئەڤین ئاسۆس حەمە
avin.asos@uor.edu.krd

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/ 15

**وشە سەرەکییەکان:**
ئیستاتیکا
فرەجۆریی
دەقئاوێزان
صافی هیرانی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

دەرکەوتنی دەقئاوێزان وەک کاردانەوەیەک بوو، بۆ ئەوبیروڕایەی بونیادگەرەکان کە باوەڕیان بە داخستن و سەربەخۆبوونی دەق هەبوو، لەم ڕووەوە (تۆدۆرۆڤ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (ئەوە ورێنەیە باوەڕمان وابێت دەق بوونێکی سەربەخۆی هەیە، چونکە لەکاری ئەدەبییدا ئەوە دەردەکەوێت کە دەق لێوان لێوە لە کاری ئەدەبیی پێش خۆی)(المرتجی، ١٩٨٧، ٤٦)، بۆیە توێژینەوەکانی دوای بونیادگەری لەوانەش هەڵوەشاندنەوەگەرایی کە باسیان لە کرانەوە و بۆشایی دەق دەکرد، ڕێگا خۆشکەربوون بۆ ئاشنابوون بە چەمکی دەقئاوێزان، بۆیە هیچ دەقێکی ئەدەبی لاچەپ وکەنارگیر نییە، بەڵام بەهۆی دەقە ئامادەکەوە دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت، بۆ دۆزینەوەی ئەم دەقئاوێزانانەش خوێنەری زیرەک و شارەزای دەوێت، خوێندنەوەیەکی ورد و سەرنجێکی باش لە دەقەکان بدات، بۆیە دەقئاوێزان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ خوێنەردا هەیە، خوێنەر هەتا پاشخانی ڕۆشنبیری دەوڵەمەندبێت، ئەوەندە زیاتر ڕۆدەچێتە ناو دەقەکەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا بە میتۆدی دەقئاوێزان شیکاری بۆ نمونەکان کراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** دەرختستنی جۆرەکانی دەقئاوێزان لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا، هەروەها دیاریکردنی ئەو ڕەهەندانەی دەقئاوێزانیان دروستکردووە و ئیستاتیکای دەقەکانی بەرجەستە کردووە، لە لایەکی تر چۆنیەتی مەزراندنی جۆر و سەرچاوەکانی دەقئاوێزان لەنێو دەقەکانی شاعیر خۆیدا.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان لە پێشەکی و چەند تەوەرێک پێکدێت : چەمکی دەقئاوێزان، یاسا و میکانیزمەکانی دەقئاوێزان، ناساندنی ئیستاتیکا و ئیستاتیکای دەقئاوێزان، ئیستاتیکای فرەجۆریی دەقئاوێزان لەدەقەکانی صافی هیرانیدا، کە لەئەنجامی ئەو فرە جۆریی و فرە مەزراندنە ئیستاتیکا و گەشەی بەدەقەکانی داوە، دەقێکی نوێی زیندووی خوڵقاندووە، لەکۆتاییدا بە چەند خاڵێک ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو .

## 1-سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی چەمکی دەقئاوێزان و جۆرەکانی:

### 1-1چەمکی دەقئاوێزان :

زاراوەی دەقئاوێزان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، بەرامبەر زاراوەی (Intertextuality) ئینگلیزی و (Intertextualite) فەرەنسی بەکاردێت. بەشێکی زۆری ڕەخنەگرانیش سەرەتای دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە بۆ کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێننەوە، بۆ ئەمەش دەگەڕێنەوە بۆ کارەکانی (جولیا کرستیڤا) بەتایبەت لەو توێژینەوانەی لەبارەی سیمۆلۆژیا و دەقئاوێزان، لە هەردوو گۆڤاری فەرەنسی (Tel-Quel) و (Critique) بڵاویکردبوونەوە (الزعبی، ٢٠٠٠، ١١). کرستیڤا ئەم زاراوەیەی لە (باختین) وەرگرتووە، بەتایبەت لەو توێژینەوانەی لە بارەی ڕۆمانەکانی (دیستۆفیسکی) ئەنجامی دابوو. (باختین) هەردوو زاراوەی (فرەدەنگی و دیالۆگ)ی بەکارهێنا، بە بێ بەکارهێنانی زاراوەی دەقئاوێزان (عزام، ٢٠٠١، ٣٠)، هەروەها جەختیشی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەوا (پرۆسەی بەناویەکداچوونی دەقەکان کارێکی حەتمییە لە ڕۆماندا)(عزمی، ٢٠١٨، ٢٧٧)، لەبەرئەوە (باختین) بە دەروازە و سەرەتای بۆچوونەکان لە بارەی دەقئاوێزان ئەژماردەکرێت، دواتریش (کرستیڤا) زاراوەی دەقئاوێزانی لەبەرامبەر بۆچوونەکانی (باختین) بەکارهێنا. بەم پێیە بەپێی ڕوانینە ڕەخنەییەکان ((ئەم چەمکە، هەتا گەیشتۆتە ئاستی ئێستای ڕوانینی جیاجیای بەخۆوە بینیوە و چەند قۆناغێکی بڕیوە، خاوەن قەڵەمەکانی ئەم بوارەش هەریەک بە جۆرێک مەڵۆیەکی خستۆتە سەر خەرمانەکەی. بە پێی ڕای هەندێ لە لێکۆڵەران ئەلیۆت و باختین سەرقافڵەچی کاروانەکەن و زەمینەیان بۆ سازاندووە، تا گەیشتۆتە پلەی کامڵبوونی لەسەر دەستی یولیا کریستیڤا و مایکڵ ریفاتێر (Michael Rifatterre) و جیرارد جینێت ( Gerard Genette)، لە گۆڤاری تیل کیل (Tel Quel)یشدا زاراوەی دەقئاوێزان کرا بە بەری چەمکەکەیدا))(عزیز، ٢٠١٤، ٣٠). لەو کاتەوەی زاراوەی دەقئاوێزان لە کۆتایی شەستەکان لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی داکەوت، بوو بە جێگای سەرنجی توێژەران، لەو ڕوانگەیەوە هەوڵیاندەدا ئەو پەیوەندییە جیاوازانەی لەنێوان دەقێک یان چەند دەقێکدا هەیە، بدۆزنەوە. بەمەش زاراوەی دەقئاوێزان و جۆرەکانی و چۆنییەتی بەکارهێنانی لەنێو دەقە ئەدەبییەکان و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا چەسپا.

چەمکی دەقئاوێزان وەکو زۆربەی چەمک و زاراوەکانی تر، پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. کرستیڤا لە پێناسەی دەقئاوێزاندا دەڵێت: ((هەموو دەقێک تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە وەرگرتن و خواردنەوە و گۆڕینی دەقی تر))(بەرزنجی، ٢٠٢٠، ١٧٣)بەم پێیە کرستیڤا هەر دەقێک کە خاڵی بێت لە دەقئاوێزان و بەناویەکداچوونی لەگەڵ دەقێکی تر، ڕەتدەکاتەوە و پێداگریش لەسەر ئەوە دەکات کەوا (دەقئاوێزان یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی دەقە سەرەکییەکە کە ئاماژە بە دەقەکانی پێش خۆی یان هاوکاتی خۆی دەکات)(ناهیم، ٢٠٠٤، ٢٠). بەمەش کرستیڤا پێداگری لەسەر بۆچوونەکانی لەبارەی دەقئاوێزان چڕکردووەتەوە، بەوەی هیچ دەقێک خاڵی نییە لە ئاوێزانبوونی لەگەڵ دەقەکانی پێش خۆی.

لە لایەکی ترەوە (تۆدۆرف) پێی وایە: (هەردەقێک هەڵدەمژرێت و دەگۆڕدرێت بۆ چەندین دەقی تر، دەقە نوێیەکەش بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەق و پارچە ناسراوەکانی ڕابردوو یان هاوچەرخ، جا نووسەر بە ئاگاییەوە ئەنجامی بدات یان بەبێ ئاگایی)(عزام، ٢٠٠١، ٢٩). لەم ڕوانگەیەوە کاتێک دەقێک لە پەیوەندیدا دەبێت لەگەڵ دەقێکی تر، مەرج نییە جوینەوە و دووبارەکردنەوەی دەقەکانی تر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار دەگونجێت نووسەر بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکە بکات. (محمد مفتاح) لە پێناسەی دەقئاوێزاندا دەڵێت: (بەناویەکداچوونی دەقێکە لەگەڵ دەقێکی تردا بە چۆنییەتی جیاواز)(مفتاح، ١٩٨٥، ١٢١)، بەو واتایەی چۆنیەتی بەناویەکداچوونی دەقێک لەگەڵ دەقێکی تردا، لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە، ئەمەش دەکەوێتە سەرچۆنیەتی مامەڵەکردنی نووسەر، یان شاعیر لەگەڵ ئەو دەقەی دەینووسێت و ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دەقەکاندا بەرجەستە دەبێت.

دەقئاوێزان وەک دیاردەیەکی ئەدەبی پەیوەستە بە کارکردن لەنێو دەقدا، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو کاریگەری و کارتێکردنە بەرجەستە دەبێت کەوا لەنێوان دەقەکاندا بەدیدێت، دەقی ئەدەبیش بە سروشتی خۆی کەم تا زۆر لەگەڵ دەقەکانی هاوکاتی، یان دەقەکانی پێش خۆی لە پەیوەندی دایە، ئەمەش پەیوەندی و پەیوەستی دەقەکان بەیەکترییەوە دەردەخات، (وەکو دیاردەیەک هەر چەرخێکی ئەدەبی بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانی دەگوازێتەوە بۆ شوێنگرەوەکانی خۆی، بەمەش فاکتەر و هۆکاری ئەدەبی نوێ زیاددەبن، هەر هونەرێکیش لەکاتی گواستنەوەیدا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و بەرزبوونەوەدا تێپەڕدەبێت و شاعیران و نووسەرانی هاوچەرخیش سوود لە بەرهەمەکانی پێش خۆیان وەردەگرن و هێز و جوانی بەو کاریگەرییانە دەبەخشن، جا ئەگەر ئەو گواستنەوە و کاریگەرییە نەمێنێت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، ئەوا بیرۆکە و وێنە ئەدەبییەکان لە شوێنی خۆیان دەوەستن و دەرگاکان بە ڕووی نەوەی نوێدا دادەخرێن)(الشایب، ١٩٩٤، ٢٦١). هەر دەقێکی ئەدەبی خودان خەسڵەت و ئەدگاری سەردەمەکەی خۆیەتی و زۆرجاریش بێبەش نییە لەو کارتێکردن و کاریگەرییەی سەردەمەکانی پێش خۆی، لەبەرئەوە دەقئاوێزان وەک چەمکێکی ڕەخنەیی دەیەوێت ((پەیوەندی و کاریگەری دەقەکان بدۆزێتەوە، کە دەبێتە سەنگی مەحەکی دیاریکردنی ڕەسەنێتی و سەرچاوەیی و دەق تیشکی دەقەکانی تر وەردەگرێت و لەگەڵ کرۆکدا یەکدەگرن، بۆیە دەقئاوێزان کارێکی هەڵوەشاندنەوەییە و دەق هەڵدەوەشێنێتەوە بۆ چەند دەقێکی تر))(محمد و قادر، ٢٠١٥، ٨٥)، لەبەرئەوە دەقئاوێزان کار لەسەر پێکهاتەی دەق و کرۆکی دەق و ئەو پەیوەندیانەی دەق دەکات کەوا لەدەرەوەی خۆی لەگەڵیان لە پەیوەندیدایە. لەگەڵ ئەوەشدا ((ئینتەرتێکستوالێتی دەیەوێ پەی بە پەیوەندیی نێوان دەقەکان ببا و نیشانیان بدا، هیچ دەقێکی ئەدەبی لاچەپ و کەنارگیر نییە، بەڵکو "مۆزایکی دەق" پێکدێنێ))(محمد، ٢٠٠٦، ١٠)، لەگەڵ ئەو بۆچوونانەشدا کە هیچ دەقێک بە کەنارگیر دانانێت، بەڵام ((بەچەمکی تازە، دەقئاوێزان واتای جوینەوەی دەقە کۆنەکان ناگەیەنێت، بەڵکو کۆکردنەوەی دەرگای دیالۆگە لەگەڵ دەقەکانی پێش خۆی و سەرلەنوێ تەوزیفکردنێتی بە جیهانبینییەکی جیاوازەوە))(بەرزنجی، ٢٠٢٠، ١٦٩). بەم پێیە دەقئاوێزان بەپێی بۆچوونە نوێیەکان مەزراندنی دەقەکانی پێشووترە بە جیهانبینییەکی نوێ و سەردەمییانە.

لێرەوە دەقئاوێزان بەو واتایە دێت کە ((داهێنراوێک نییە پەیوەندی بە ڕابردووەوە نەبێت و بەرهەمێک نییە تاک دەنگی بێت بەڵکو فرە دەنگییە و بەرهەمی داهێنراویش بە تەنیا تاکە کۆدێکی نییە بەیەک کلیل و بەیەک ئاڕاستەدا بکرێتەوە، بەڵکو فرە کۆدو فرە دەلالەتە و بە چەندین کلیل و بە چەندین ئاڕاستەدا کۆدەکانی دەکرێنەوە))(عزیز، ٢٠١٤، ٣٠). ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە سەرچاوەی گرتووە کەوا دەق بەسەر خۆی و دەرەوەیدا داخراو نییە، بەڵکو خودان خوێندنەوەی جیاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا ((دەق لە هیچەوە دانارێژرێت، بەڵکو بنچینە و سەرچاوەی زانیاری خۆیی هەیە، کە پەیوەستی دەقە پێشینە و هاوکاتەکانێتی و لەسەر ئەو بنەمایانە دەچنرێت لەنێو کۆنتێکستێکدا بەشێوەی چنراوێکی گرێدراو))(عزیز، ٢٠١٩، ١١٢). کەواتە دەق سەرچاوەیەکی لە پێشینەیی هەیە کە دەیبەستێتەوە بە ئێستا و ڕابردووی خۆیەوە

### 1-2- یاسا و میکانیزمەکانی دەقئاوێزان:

ئەوەی پەیوەستە بە یاساکانی دەقئاوێزان بە پشتبەستن بە بنەماکانی بەرهەمهێنانی دەق، سروشتی دەقئاوێزان لەسەر کۆمەڵێک بنەما دامەزراوە، ئەو بنەمایانەش توێژینەوە لەپەیوەندی دەقێک بەدەقێکی ترەوە دەکەن، بۆ ئەمەش لەدەقئاوێزاندا کۆمەڵێک یاسا هەیە کە دەقی پێ ڕاڤە دەکرێت، یاساکانیش بریتیین:

١) یاسای جوینەوە(الاجترار): لەم یاسایەدا نوسەر هەڵدەستێت بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی نادیاردا بە هەمان ئەو شێوەیەی کە هەیە بەئاگاییەکی هێواشەوە،واتە بریتییە لە (دووبارەبوونەوەی دەقی نائامادە (بزر) بەبێ گۆڕانکاری ودیالۆگکردن لەگەڵیدا)(ناهیم، ٢٠٠٤، ٤٣)

٢) یاسای هەڵمژین(الامتصاص): ئەم جۆرەیان پلەیەک باڵاترە لەجوینەوە، ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بایەخ بە دەق و پیرۆزییەکەی دەدات و بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە مامەڵەکردنەکە بزوێنەر و پەسەندکەربێت بۆ دەقە بنەڕەتی وسەرچاوەکە، نە وەرگرتنی تەواو جوینەوەیە، نە ڕەتکردنەوەی دەقیشە، بەڵکو بریتییە (لەوەی نوێ لەگەڵ دەقەکانی تردا بەئاگاییەکی

چالاکی نوێکەرەوە مامەڵەدەکات، ڕێزگرتن و بەگەورە ڕاگرتنی پەیکەری گشتی دەقەکە لەگەڵ جیاوازی لە وردەکارییەکاندا)(البیاتی، ١٩٩٦، ٣٩) واتە نوسەر بەگرنگییەوە لە دەقی سەرچاوە دەڕوانێت و هەڵمژینی بەپێویست دەزانێت بۆ دووبارەکردنەوەی وەکو دەقێکی نوێگەر و تازە.

٣) یاسای گفتوگۆ-دیالۆگ(الحوار): ئەمەیان بەرزترین و باڵاترین ئاستی دەقئاوێزانە، دیاردەی نامۆیی دەق دەشکێنێت، نووسەر بنەما سەرەکییەکان دەگۆڕێت، گفتوگۆ و دیالۆگەکان لەسەر بنەمای دەقی نائامادە دروست دەبێت (بەرهەمهێنەری دەقەکە کاتێک پشت بەم ڕێکارە دەبەستێت، خۆی دەبێتە گفتوگۆکەر، نەک هەر شتەکان بڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپشت بەستن بەم ڕێکارە دەقئاوێزانێکی مەبەستدار دروست دەبێت نەک ئۆرگانی، چونکە مەبەست لە دەقی قسەکەر دەقێکی تر یان لێی کەمدەکات و لەگەڵیدا لە ململانێ دەبێت و پایەی بەرزدەکاتەوە لەبواری دەرخستنی شاراوەکانی کە لەناویدا بەدیدەکرێت و دەرخستنیان بەشێوەیەکی دەرکەوتوو گۆڕینی چەسپاوەکان و بەرەو گۆڕان و نوێکردنەوە)(البیاتی، ١٩٩٦، ٥٤) واتە پێویستی بەخوێندنەوەیەکی هوشیارانەی قووڵە و دەقی بەرهەمهاتوو تێکەڵاوی بوونیاتی دەقەکانی پێشوو دەبێت.

هەر یەکێک لەم یاسایانەی دەقئاوێزان گۆڕانکارییەک لە ڕادەی داهێنان و ئاست و پلەی نووسەرێتی دەقنووس دروست دەکەن، لەوانەیە لە هەندێ کاتدا پەنا بۆ هەرسێ یاساکە ببات، بۆ بنیاتنانی دەقێکی نوێ، یان لەوانەیە یەکێک لەم یاسایانە پەیڕەوبکات، بەڵام ئەوەی گرنگە، لەکاتی هۆنینەوەی دەقەکەدا، چۆنییەتی مامەڵەکردنی نووسەرە لەگەڵ پرۆسەکە .

دەقئاوێزان بەهەر یاسایەک ئەنجامبدرێت، بەدڵنیاییەوە پەیڕەوی یەکێک لەم میکانیزمانە دەکات، کە بە شێوەیەکی گشتی بریتیین لە (کورتکردنەوە، درێژکردنەوە)(ناهیم، ٢٠٠٤، ٧١). ئەم دوو میکانیزمەش بۆ چەند جۆرێک دابەشدەبن، بۆ نموونە؛ کورتکردنەوە هەندێ جۆری هەیە لەوانە: (ئاماژە، کورتکردنەوە، وەرگرتن، تیهەڵکێش، وەرگێڕان، لابردن) هەرچی درێژکردنەوەیە دابەش دەبێت بۆ (دووبارەکردنەوە، ڕاڤەکردن، تۆپۆگرافی، هاوسێیەتی، پاراگرام، ئاناگرام، فراوانکردنی دەق).

### 3-1- ئیستاتیکای دەقئاوێزان:

وشەی ئیستاتیکا (Aesthetic) بەمانای (هەستکردن وشعورکردن) دێت، یان (هەستی ویژدانی) یان (زانینی هەستی زانین بەهۆی هەستەوە)(مطر، ١٩٦٢، ١١) کە زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان ئەم واتایەی دوایی پەسەند دەکەن. ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای ئەڵمانی (ئەلکسەندەر بۆمگارتن) لە ساڵی ١٧٣٥ز لەکتێبەکەیدا بەکاریهێناوە (عبدالله و الترتوری، ٢٠٠٦، ٢٣)، ئیستاتیکا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بۆ سەرەتای پەیدابوونی شیعر دەگەڕێتەوە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام لە گۆڕان و بەرەو پێشچووندا بووە، بە کۆنترین زانست دادەنرێت کە فەیلەسوفەکان و وانەبێژانی کاروباری فیکر و هونەر و فەلسەفە گفتوگۆیان کردبێت، هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی (کەرەستەی سەرەکی هونەر جوانییە و هونەریش لاساییکردنەوەی جوانییە و چێژی جوانی لەگونجانی نێوان فۆڕمی کاری هونەری وجوانی بیر پێکدێت)(عبدالله و الترتوری، ٢٠٠٦، ٢٣). ئیستاتیکا بەها ڕاستەقینەکەی دەقی ئەدەبییە، هەر ئەوە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ خوێندنەوە و بەردەوامبوون بێ ئەوەی بێزاربێت، بەها بە ناوەڕۆک و ڕوخساری دەق دەدات، پێوەرێکی سەرەکی و گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، هەرچەندە هەموو پێناسە و لێکدانەوەکانی ئیستاتیکا جەخت لەسەر جوانی دەکەنەوە و جوانی یان هەستی جوانی یاخود چێژی جوانی بە بنەمای کاری هونەری و ڕەگەزی سەرەکی ئیستاتیکا دادەنێن، لەکاتێکدا بە درێژایی مێژوو ئیستاتیکا جگە لە جوانی، دزێویش چووەتە ناو بابەتەکانی ئەم زانستەوە، هەر ئەمەش وای لە (د.ڕابورت)کردووە بەم پێناسەیە ڕازی نەبێت و لەم بارەیەوە بڵێت: (ئەم زانستە تەنیا لەجوانی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لە دزێویش دەکۆڵێتەوە)(زیادی، ١٩٨٩، ١٠٥)، کەواتە ئەگەرچی هونەر گرنگترین بابەتی ئیستاتیکایە، بەڵام تاکە بابەتی نییە، بەڵکو لەڕێی سروشت و مرۆڤ و ئاواز و وێنە و هێماوە دەبێت بۆ بەدەستهێنانی سیفەتە جوانی و دزێوییەکان.

زۆربەی کات کە باس لەئیستاتیکا دەکرێت یەکسەر وشەی بەها دێت بەبیرماندا، چونکە بەها بەمانای نرخ وبەرز نرخاندنی شتێک دێت، بێگومان دەقی ئەدەبیش خاوەنی بەهای خۆیەتی کە لەڕێی کەرەستە ئیستاتیکییەکانیەوە ئەو بەهایە وەردەگرێت، بۆیە دەقئاوێزانیش وەکو هەموو شێواز و دیاردە ئەدەبییەکانی تر بەهایەکی ئیستاتیکایی بە دەقی ئەدەبی دەبەخشێت، دەقئاوێزان لە لێکۆڵینەوەی پراکتیکیدا بریتییە لە: (وروژاندنی پێگەی ئیستاتیکا لەدەقی شیعرییدا و هەوڵێکی جدییە بۆ خوێندنەوە وشیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی شیعریی لە خوێندنەوەکانی تر و شیکردنەوە و لێکدانەوەیەک کە زۆر ورد و قوڵ بێت بەپێی بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان)(الدهون، ٢٠٠٩، ٢٧) کەواتە بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان کاریگەری ڕاستەوخۆ و زۆری لەسەر بنیاتی ئیستاتیکی و وێنەی هونەری و سەرلەنوێ بوونیاتنانەوە و ڕێکخستنەوەی هەیە. ((لەڕێی بەسەرکردنەوەی ڕاو پێناسەی ئەو فەیلەسوف و بیریارانەوە بەپێی قۆناغە مێژووییەکانی گەشەی ئیستاتیکا دەشێ ڕەگەزە هاوبەش و جیاوازەکانی باوەڕەکانیان سەبارەت بەجوانی دیاریبکەین و بیانکەین بە بنەما بۆ شیکردنەوەی تێکستە

شیعرییەکان، ئیستاتیکا تێکەڵی کاربووە گیانی داهێنانی تێدا دەخەملێنێت، ئەوە ئیستاتیکایە گیانی داهێنان لە شاعیردا وەک هەر مرۆڤێکی پیشەگەری تر دەخەملێنێت))(عزیز، ٢٠١٤، ١٨٦)، واتە ئیستاتیکا و بەهای ئیستاتیکی مەبەست لە ( بەدەستهێنانی گونجان وڕیکخستن وجوانییە لەکاری هونەریدا)(عبدالله والترتوری،٢٠٠٦، ١٣٨) ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەشەوە گرنگە بەهای ئیستاتیکی دەقئاوێزانە کە ڕۆڵێکی گرنگ و چالاک و کارای لەدەقی ئەدەبیدا هەیە، ((هەر لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ شیعری گوتووە ئەم بەها ئیستاتیکییانە بەشداری بنیادی ئەو شیعرەیان کردووە و بەدرێژایی مێژوو شیعرێک نییە بەبێ بەها ئیستاتیکییەکان، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعریش زۆرن ولەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەپێی بارودۆخ و پێویستییە زەوقییەکانی مرۆڤ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.))(مستەفا، ٢٠٠٩، ٢٠)، لەبەرئەوە ئیستاتیکا پەیوەستە بە سەلیقە و چێژی شاعیر لە لایەک و خوێنەریش لەلایەکی ترەوە.

ئیستاتیکا و بەهای دەقئاوێزان کاتێک دەردەکەوێت کە (دەقێکی کۆن بەگەڕدەخاتەوە و دووبارە ژیانی بۆ دەگەڕێنێتەوە، لەکاتیکدا لەبیر و هۆشماندا مردووە یان خەریک بووە بمرێت)(رابح و سعاد، ٢٠٢١، ٣٨٨)، بۆیە دەقئاوێزان بەرهەمهێنەرێکی کارایە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی مانا و بیرۆکەکان بەشێوازی نوێی هەمەجۆر لەڕێی گفتوگۆ و ڕووبەڕووبونەوە و پێدانەوەی مانا و دەلالەتی نوێ. واتە ئیستاتیکای دەقئاوێزان لەوەدایە کە نوسەر بابەتێک، کەرەستەیەک وەردەگرێت پێویستە مانا و کەرەستە وەك خۆیان وەرنەگرێت، بەڵکو پێویستە شتی نوێ و تازە بخاتە سەری و بەرگێکی جیاوازی پێ ببەخشێت.

جگە لەوەش بەهای دەقئاوێزان لەوەدایە، یارمەتی خوێنەر دەدات قووڵ بیربکاتەوە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی ورد بکات، بۆ ئەوەی لەمانای گشتی دەقەکە تێبگات، هەروەها ناساندنی کولتوور و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانی نەتەوەکانی ترە. ئیستاتیکای دەقئاوێزان دیاردەیەکی (دەلالییە، داهێنەر وەبەرهێنی دەکات لەپێناو ئاشکراکردنی جەمسەری ڕۆشنبیری و ئەپستمۆلۆژی و دەرخستنی ئاسۆی شیعریی خۆی)(الدهون، ٢٠٠٩، ٢٩)، کەواتە لەڕێی یاریکردنی شیعر لەنێو پێکهاتەکانی میوزیك و زمان و واتاکانیان دەردەکەوێت. گەشەی ئەدەبی، لە هەندێ بارودۆخدا پەیوەستە بە پەیوەندییە ناوخۆییەکان، ئیستاتیکای دەقئاوێزانیش یارمەتیدەرێکی وزە بەخشی ئەرێنییە بۆ بەدەرخستنی فۆرمی ئەم گەشەیە.

## 2- ئیستاتیکای فرەجۆریی دەقئاوێزان لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا :

دەقئاوێزان وەک دیاردەیەکی ئەدەبی ڕۆڵێکی گرنگی، لە بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای دەقی ئەدەبی هەیە، دەقئاوێزان ((فاکتەرێکە لە ڕێگەیەوە دەقی ئەدەبی و نووسەر دەست ئاوەڵا دەکات بۆ هەڵمژینی سەرچاوە و ڕۆشنبیری هەمەچەشن، پردێکە زەمەنە جیاوازەکان کورت دەکاتەوە و بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە))(ابراهیم و ابراهیم، ٢٠٢٣، ٤٣٦)، هەروەها کارلێک و پەیوەندی دەقەکان لە ڕێگای چۆنێتی مەزراندنی دەقەکانی پێش خۆی، یان هاوکاتی خۆی بەرجەستە دەبێت، ئیستاتیکای دەقی ئامادەش لە ڕێگای زمان و وێنە و ڕیتم دێتە ئاراوە، لەبەرئەوە شاعیر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، لەوەی بە چ شێوەیەک ئەم مەزراندنە ئەنجام دەدات و تێیدا ڕادەی هۆشیاری و ئاگایی نووسەر بەدەردەخات. لەم ڕوانگەیەوە صافی هیرانی لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی ئاگاییانە مامەڵەی لەگەڵ مەزراندنی دەقەکانی تر لەناو دەقەکانی خۆیدا، کردووە، هەموو ئەو جۆرانەی دەقئاوێزان کەوا لە دەقەکانی صافی هیرانیدا بەرچاودەکەون، هەریەکەیان بە ڕێگەی خۆی ئیستاتیکای دەقەکانی بەرجەستەکردووە. لێرەدا شاعیر چەند جۆرێک لەو دەقئاوێزانانەی بەکارهێناوە و ئێمەش لە توێژینەوەکەماندا خستوومانەتە ڕوو:

### 2-1دەقئاوێزانی خودی(التناص الذاتی)

ئەمجۆرەی دەقئاوێزان بریتییە لە دووبارە بەرهەمێنانەوەی دەقی ڕابردوو، هەڵمژینی دەقە پێشووەکانی نووسەر خۆی، جا ڕاستەوخۆ هەمان دەستەواژە و وێنە و گوزارشت دووبارەبکاتەوە، یان بیرۆکەکەی وەردەگرێت و لە فۆرم و قاڵبێکی نوێدا دایدەڕێژێتەوە، بەڵام هەر هی شیعر و دێڕەکانی پێشووی خۆیەتی.

صافی هیرانیش لەم جۆرە دەقئاوێزانەی لە شیعرەکانیدا زۆرە، ئێمە تەنیا ئاماژە بەهەندێکیان دەدەین، لەبەرئەوەی زەمەن و کاتی نووسینی شیعرەکان دیارینەکراوە، ناتوانین بەتەواوی بزانین کام دێڕەیان پێش کامیان نوسراوە، بۆیە ئێمە ناچارین ڕەچاوی ئەو ڕیزبەندییە بکەین کە لەدیوانەکەیدا بۆ شیعرەکان کراوە.

صافی هیرانی دەقئاوێزانی خودی لەڕێی دووبارەکردنەوە ئەنجامدا لەوانە:

### 2-1-1 دووبارەکردنەوەی هەمان وشە :

شاعیر دەڵێت:

**بەناری عیشقەوە مەمنێژە جانا**

**دەسووتێنیٚ بە(بالله)کفن وتابووت** (صافی، ٢٠١٥، ١٨٢)

دواتر لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

**ئاووری هیجران لەسینەمر دابیٚ کفنم بۆ چییە**

**خۆی لەبەر ئەو ناڵە ناگریٚ سەنگی تابووت وەزار** (صافی، ٢٠١٥، ١٨٦)

هەر لە هەردوو دێڕەکەدا کە هی دوو پارچە شیعری جیاوازە، وشەکانی (کفن، تابووت) (نار، ئاور) دووبارەکردووەتەوە، بەڵام دوو ئەرک و مانای جیاوازییان هەیە، لەدێڕی یەکەمدا داوا لە جانا (گیانەکەی) دەکات کە بەزەیی پێدابێتەوە و بەئاگری عیشقەوە نەینێژێت، چونکە ئەو ئاگرە ئەوەندە بەهێزە کفن و تابوتەکەی ئەسوتێنێت، بەڵام لە دێڕی دووەمدا داواکردن نییە صافی دەڵێت: کفن و تابوتم ناوێت چونکە بە ئاگری دووری(هیجران) کە لەسینەمدایە، هەمووی دەسوتێت و هیچیان خۆیان لەبەردەمر ئەو ئاگرە ناگرن، بۆیە هیچیانم پێویست نییە، دەقئاوێزانی خودی دووبارەکردنەوەیە بە یاسای گفتوگۆ.

### 2-1-2- دووبارەبوونەوەی هەمان دەستەواژە وگریٚ:

صافی هیرانی دەڵێت؛

**لەبەد کرداری من ڕوو وەر مەگێڕە ئەی شەهی خووبان**

**کە تـۆ ڕوو وەربگێڕی کەس نییــە گـەر بێتە غـەمر خوارم** (صافی، ٢٠١٥، ١٩٥)

لەدێڕیکی تردا دەڵێت:

**جــانی جـانـان، شەهی خووبان ڕەهزەنـی پیروجەوان**

**گوڵ ڕووە شیرین خووە شۆخی شەکەر گوفتارەکەمر** (صافی، ٢٠١٥، ٢٠٥)

دواتر لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**سوجدەگاهی مەهرووانە خاکی بەردەرگانەکەت**

**پـادشـاهی دولبەران وشـاهـی خووبـانم ئـەتـۆی** (صافی، ٢٠١٥، ٢٩٦)

لەسیٚ دێڕی سیٚ پارچە شیعریی جیاوازدا گرێی (شەهی خوبان)م دووبارەکردووەتەوە، هەرسێکیانی بۆ وەسفی یارەکەی بەکارهێناوە، بیرۆکەکانی هەر یەک بیرۆکەن، خوێنەر یەکسەر هەست دەکات کە شاعیر لە دێڕەکانی پێشووی خۆیەوە وەریگرتووە، لێرەدا ئەم دەقئاوێزانە دەچێتە خانەی یاسای جوینەوە و بەمیکانیزمی وەرگرتن.

صافی لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

**ئەگەر فەرمووی چلۆن ماوە ئەمێستیٚ**

**لە ئــەمر سـەگ مەرگییە بێعارە بیٚ تۆ** (صافی، ٢٠١٥، ٢٢٥)

لەپارچەیەکی تردا دەڵێت:

**نیگارا فەرمووی لەعەشقی خۆمە(صافی)م کوشتبوو ئەمما**

**موحەییەر مامر چ سەگ مەرگێکە ئێستاکەش دەڵێن مــاوە** (صافی، ٢٠١٥، ٢٤١)

لەدێڕێکی تریشدا دەڵێت:

**(صافی)کە لە خاکی دەری تۆ دوورە بەقوربان**

**سەگ مەرگی نــەبیٚ هێندە چلۆن قــابیلی ژینە** (صافی، ٢٠١٥، ٢٤٤)

صافی لەهەر سیٚ دێڕەکەدا دەستەواژەی (سەگ مەرگی) بەکارهێناوە، دەقئاوێزانی خودییە، لەڕێی دووبارەکردنەوە، لە دێڕی یەکەمدا لەشێوەی دیالۆگدا کە ئەگەر یار پرسیاریکرد چۆن ماوە و نەمردووە، پێی بڵێن کە ئەو ژیان و مان نییە ژیانی سەگ مەرگییە و بێعارە بیٚ تۆ، لە دێڕی دووەمیشدا یار گفتوگۆ لەگەڵ خۆیدا دەکات وبەئاشکرا ئەڵێت: صافیم لەعەشقی خۆمدا کوشتبوو کەچی سەیرە سەگ مەرگە و هەرماوە و نەمردووە، بەڵام لەدێڕی سێیەمدا ڕستەیەکی ڕاگەیاندن وئیخبارییە، صافی ئەیەوێت هەواڵی خۆی بەیارەکەی بگەیەنێت و بڵێت: لەبەرئەوەی لەخاکی بەردەرگاکەی ئەوان دوورە ژین وژیانی سەگ مەرگییە و هەر شایەنی ئەوەشە، ئەمر دەقئاوێزانەش بەیاسای

جوینەوە ومیکانیزمی وەرگرتنە، خوێنەریش یەکسەر هەست بەدەقە نائامادەکە دەکات. ئەم چەند جار بەکارهێنانەوەی دەستەواژەی (سەگ مەرگی) و بە شێواز و واتای جیاواز ئیستاتیکا و چێژی دەقەکەی بەرزکردووەتەوە و خوێنەر کەمەندکێش دەکات بۆ تێڕامان و وردبوونەوە لە دەقەکان، ئەمەش گرنگی ئامادەیی دەقی نائامادە دەردەخات لەناو دەقە ئامادەکەدا.

**2-1-3- دووبارەبوونەوەی هەمان ڕستە:**

صافی هیرانی دەڵێت:

**لە ئـاهی گەرمەوە وا لێو بـەبـار و خشکە ئێستێکە**

**لـە عـەینی چاوەکانی خوێن و ئاو چاری نەکا چبکا؟** (صافی، ٢٠١٥، ١٦٧)

لەدێڕیکی تردا دەڵێت:

**دڵ لــە بــۆ مــەحبوبە ئێســتا گریــە و زاری دەکـا**

**وا لە هەردوو چاوەکانی خوێن و ئاو چاری دەکا** (صافی، ٢٠١٥، ١٧٥)

هەردوو (چاوەکانی خوێن و ئاو چاری نەکا) و (چاوەکانی خوێن و ئاو چاری دەکا) صافی هیرانی دووبارەی کردۆتەوە، لە دێڕی یەکەمدا واتە هێندە ئاخ و هەناسەی گەرمم هەڵکێشاوە هەردوو لێوم وشک و بەباربوون، لە کانگا و سەرچاوەی چاوەکانم فرمێسکی خوێناوی نەبارێنم بەسەر لێوی وشکمدا چی بکەم؟ شێوەی پرسیار و سەرسوڕمانە، واتە گفتوگۆیە، بەڵام لە دێڕەکەی تردا دەڵێت: دڵی بۆ یار و مەحبوبە گریان و هاوار و زارییەتی و دڵی بەشێوەیەک دەناڵێنێت کە خوێن و فرمێسک لە چاوانی دێتە خوارەوە و دەڕوات، هەواڵدەری و ڕاگەیاندنە، خوێنەر یەکسەر هەست بە دەقە نائامادەکە دەکات.

**2-1-4- دووبارەبوونەوەی هەمان وێنە:**

صافی هیرانی دەڵێت:

**وەکوو عارەب کەدەست ودامەنی ئێوەم عیلاجێ کەن**

**دڵی قـەقنەس میثالم وا لە کـوورەی سـینە سـووتـاوە** (صافی، ٢٠١٥، ٢٧١)

لەدێڕیکی تریشدا دەڵێت:

**بڵێنە شـۆخەکەم تاکەی لـە دووری هـەر بناڵێنم**

**وەکوو عارەب چییە جارێ کەدەستم گا بەدامانی** (صافی، ٢٠١٥، ٢٨٤)

(وەکو عارەب) ئەم لێکچواندنەوە کە صافی لەو دوو دێڕەدا دووبارەی کردووەتەوە بۆتە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو دوو دەقە و پێکهێنەری دەقئاوێزانەکە، دەکەوێتە خانەی یاسای دووبارەکردنەوە، بەڵام لەڕووی مانای دەلالییەوە هەندێ جیاوازییان هەیە، لەدێڕی یەکەمدا لێکچواندنەکە کە وەک عەرەب دەست و دامانی یاربووە و گیرۆدەی بووە، داوادەکات بەهانایەوە بێن وعیلاجی بکەن، چونکە دڵی بووە بەقەقنەس، واتە وەک باڵندەی قەقنەس عیشق دەیگرێ و دەسوتێت و دەبێتە خۆڵەمێش و دووبارە سەرلەنوێ زیندوو دەبێتەوە، بەڵام لە دێڕی دووەمدا لە یار وشۆخەکەی دوورە، بەهۆی دووری یارەوە هەر دەناڵێنێت و دەیەوێت وەکو عارەب دەستی بگات بەدامانی یار.

**2-1-5- دووبارەبوونەوەی هەمان بیرۆکە بووەتەوە بە کەرەستە و ئیلهامی شیعرێکی تری خۆی:**

صافی هیرانی دەڵێت:

**ڕۆژ بـــە یـــادی ڕووی هـــەتـا هێــوارە هـــەر هـــاوارمـــە**

**شەو لەفیکری زوڵفی تا صوبحەیێ صوحبەت لەو دەکەم** (صافی، ٢٠١٥، ٢٠٣)

لەدێڕێکی تردا دەڵێت:

**لەدەردی دڵ لەجەرگی کوڵ لەداغی سینەکەی سووتاو**

**بە ڕۆژم داد و ڕۆڕۆیە لەشەودا شیوەن وشینم** (صافی، ٢٠١٥، ٢٠٩)

هەمان بیرۆکەی دێڕی یەکەم بووەتە جێکەوت و صافی هیرانی جارێکی تر لە دێڕیکی تردا بەشێوازێکی جیاوازتر گوزارشتی لێکردووە و داڕشتووەتەوە، واتە دەقئاوێزانی خودییە لەهەمان بیرۆکە، بەڵام بە وشە و کەرەستەی جیاواز، صافی بیرۆکەکەی هەڵمژیوە ودوبارە داڕشتووەتەوە. بەگشتی باس لەوەدەکات کە چۆن لە دووری یار ڕۆژ و شەو بەڕێدەکات، لە دێڕی یەکەمدا باس لەوە دەکات، بەڕۆژ هەر بەیادی یارەوە هەتا ئێوارە هەر هاوار و ناڵەیەتی و شەویش هەر بیر لە زوڵفی یاردەکاتەوە و باسی ئەو دەکات ، لە دێڕی دووەمدا سەرەتا

وەسفی حاڵی خۆی دەكات، لە تاو دەرد و ئازاری دڵ و جەرگی پڕ لە كوڵی و سوتانی سینەی پڕ لە داغی هەر بێدار و بەئاگاییە، بەڕۆژ هەر داد و ڕۆڕۆیەتی و بەشەویش هەر شین و گریان و شیوەنیەتی، واتە شەو و ڕۆژ هەر دڵ و خەیاڵی لای یارە.

وەک دەبینین صافی دەقئاوێزانی خودی زۆرە نمونەی تریشی زۆر ئێمە تەنیا ئاماژەمان بەچەند نمونەیەک كردوە، سەرنجی ئەوەشمانداوە كە لەم جۆرەیاندا دەقئاوێزانەكان زیاتر بە یاسای جوینەوە و میكانیزمی دووبارەكردنەوە داڕێژراونەتەوە. ئەم جۆرە لە دەقئاوێزانیش لە ڕێگای دووبارە بەكارهێنانەوەی وشە و وێنە و دەستەواژە و دێڕە شیعرییەكان بوونەتە هۆی بەرزكردنەوەی ئیستاتیكای دەقەكان، هەروەک دەبینین یەكێک لە بنەرەتەكانی بەرجەستەبوونی ئیستاتیكا لە ڕێگای دووبارەكردنەوەی كەرەستە زمانییەكان و بابەتەكانی جوانكاری بەرجەستە دەبێت.

### 2-2- دەقئاوێزانی شیعریی صافی هیرانی لەگەڵ شیعری شاعیرانی كوردیدا:

دەقئاوێزانی ئەدەبییش پێدەوترێت، مەبەست لەم جۆرەی دەقئاوێزانیش ئەو دەقانە، یان ئەو شیعرانەی شاعیرە كە كەوتونەتە ژێركاریگەری شاعیرێكی تر، ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوەیەكی زۆر و وردی شاعیرێک یان نوسەرێک ، سوود وەرگرتن لەڕوانگەی زمان و وێنە و بیرۆكە و شێواز ....... هەڵگرتن لە نەستی شاعیردا و دواتر بەكارهێنانەوەی لە شیعرەكانیدا، (ئەو جۆرە دەقئاوێزانەیە كە دەقێكی ئەدەبی هەڵبژێراو (كۆن یان نوێ، شیعر یان پەخشان) لەگەڵ دەقەشیعرییەكەدا بەپێی گونجاندنی تەواوی دەلالەتەكانی لەگەڵ گونجاندنی بەپێی توانا لەگەڵ بیری شاعیردا)(الزعبی، ٢٠٠٠، ٥٠) واتە شاعیر هەوڵدەدات بەسوود وەرگرتن لەشیعری شاعیرانی تر جا كورد بن، یان هەر نەتەوەیەكی تر ، هەندێكجار بەنائاگایی وهەندێكجاری تر ئاگایانە، شیعرێكی نوێ بەشێوازێكی جیاواز دادەڕێژێتەوە. ئەمەش دیاردەیەكی ئاسایی وسروشتییە، چونكە جیهانی شیعر جیهانێكی دابڕاو وداخراو نییە بەڕووی دەرەوەدا، سەرەڕای ئەوەش دواجار هەر شاعیرە و خاوەن كەسایەتی و شێواز و تایبەتمەندی خۆیەتی و لەشاعیرانی تری جیادەكاتەوە. بێگومان صافی هیرانیش لەم كارتێكردن وكاریگەرییە بێبەش نەبووە، چ شاعیرانی كوردبن چ فارس و نەتەوەكانی تر، بەڵام ئێمە لێرەدا تەنیا باس لە كاریگەری شاعیرە كوردەكان دەكەین لەسەر شیعر و بەرهەمەكانی صافی، سەرەتا:

مستەفا بەگی كوردی

**بۆ فریبی عاشقان وجەزبی دڵ وا ماهیری**

دەقی نائامادە

**ڕەنگە شاگردیت بكا میهتر نەسیم وسامری**

(كوردی، ٢٠١٠، ١٦٢)

صافی هیرانیش دەڵێت:

**مــەرحــەبـــایێكم بـكا بـــۆ دڵ فـــریبی منیــەتی**

دەقی ئامادە

**وەرنێ ئەو بێ ڕەحمە كەی بۆ عاشقان یاری دەكا؟**

(صافی، ٢٠١٥، ١٧٦)

كوردی لێرەدا قسە لەگەڵ یارەكەی دەكات پێی دەڵێت تۆ لە فریودان و هەڵخەڵەتاندنی عاشقان و ڕاكێشانی دڵ و سەرنجیان لێزان و زیرەكیت، ڕەنگە (نەسیم) شاگردیت بكات واتە خۆی بەشاگردی تۆ دابنێت، لەكاتێكدا، (نەسیم) بە قسە خۆش و زیرەک بەناوبانگ بووە و هاوەڵی سوڵتان مەحمودی غەزنەوەیی بووە، (سامری)یش، لەسەردەمی پێغەمبەر موسی دا زۆر فێڵباز و جادووكار بوو، توانی بەشێک لە جووە هاوئایینەكانی لە موسی هەڵبگێڕێتەوە، كوردی دەڵێت؛ یار لەوسامری پیە فێڵبازترە، ئەمە دەقە نائامادەكەیە، دەقە ئامادەكەش كە هی صافی هیرانییە، سودی لەوبیرەی كوردی وەرگرتووە، باسی یار دەكات كە ئەگەر سڵاوێک یان مەرحەباییەكی لێبكات بۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودانە، چونكە ئەو بێ بەزەییەكەی خۆشی و سڵاوی هەیە بۆ عاشقان، دەقئاوێزانێكی ئەدەبییە، بە یاسای دووبارەكردنەوە و میكانیزمی كورتكردنەوە كاریكردووە

لەدێڕێكی تردا مستەفابەگی كوردی ئەڵێت:

**ئـەمان مــردم عیلاجێ، ســا لــە ڕێی  پێغەمبەرا چـــارێ**

دەقی نا ئامادە

**ویصاڵ ، یاقەتڵ، یا تەسکین، لەهەرسێ بۆم  بکەن کارێ** (کوردی، ٢٠١٠، ١٣٧)

صافی دەڵێت:

**ئەمان مردم عیلاجم کەن منی کوشت هیجری لەیلایی**

دەقی ئامادە

**لەبەر ئەشکی  دوو چاوانم ڕژاوە نووری بیـــــنـــایـــی** (صافی، ٢٠١٥، ٢٩٩)

ئەم دێڕەی کوردی نەک تەنیا لای صافی هیرانی بگرە لای بەشێکی زۆری شاعیرانی سەردەمی خۆی کاریگەری بەجێهێشتووە، لەشیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوەتەوە، هەندێکیان تەنیا بیرۆکەکەیان وەرگرتووە، هەندێکی تریان وەکو تێهەڵکێش هەموو دێڕەکەیان وەرگرتوە، مستەفابەگی کوردی لەتاو دووری لەیارەوە خەریکە دەمرێت و سوێندیان دەدات بە پێغەمبەر(د.خ)، هاوکاری بکەن لە گەیشتنی بە یار یان بیکوژن یان ئارامی بکەنەوە، لەو سێیە کارێکی بۆبکەن، ئەمە دەقە نائامادەکەیە، بەڵام کە خوێنەر ئەم دەقەی صافی دەخوێنێتەوە یەکسەر ئەو دەقەی کوردی دێت بەبیریدا، صافی هاوار و ئامانییەتی کەوا چارەسەرێکی بکەن، چونکە دووری لەیلا کوشتویەتی، لەبەر دووری لەیلا ئەوەندە گریاوە و فرمێسکی ڕشتووە، بینایی چاوەکانی نەماوە، صافی سوودی لە بیرەکەی کوردی وەرگرتووە، بەڵام وێنەکەی گۆڕیوە، بەیاسای هەڵمژین کاریکردووە.

هەروەها ئەم کاریگەرییە زۆرجار وا دەکات، شاعیر لە ڕووی ڕیتمەوە هارمۆنییەتی دەقەکەی لەسەر دەقەکەی پێشووتر دابمەزرێنێت، بۆ نموونە صافی کاتێک کاریگەر دەبێت بە (مستەفا بەگی کوردی) دەبینین مۆسیقا و ریتمی شیعرەکەی بە هەمان شێوەی شیعرەکەی کوردی دامەزراندووەتەوە، هەروەک لەم چەند دێڕەدا دەردەکەوێت :

مستەفابەگی کوردی دەڵێت:

**لەیلەکەی  بێ مەیلەکەی، مــەحبـووبەکەی، عـەییـارەکەم**
**شۆخەکەی، بەدبەختەکەی،بێ ڕەحمەکەی، غەددارەکەم**
**ظـاڵــمەی، لــە خــودا نـەترسەی، کــافرەی ، بێ مروەتە**
**قــاتیلەی، عــاشق کوژەی، جــەللادەکەی، خونخوارەکەم** (کوردی، ٢٠١٠، ٣٥٠)

صافی هیرانی دەڵێت:

**دولبەری ناز پەروەری ڕوو ئەنوەری مەهپارەکەم**
**نــەونیـهال ئـەبـرۆ هیلال شــیرین جــەمــاڵ نــازدارەکـەم**
**مــەهرویێ مـوشکین موێی چاو ئاهویێ سەحرای خوتەن**
**ســـوور گوڵە مـوو ســونبولە ماهی پەری ڕوخسارەکەم**
**جــانی جــانــان شـــاهی خوبـــان ڕەهزەنــی پیروجەوان**
**گوڵ ڕووە شــیرین خووە شۆخی شەکەر گوفتارەکەم** (صافی، ٢٠١٥، ٢٠٥)

ئەم دووشیعرەی (مستەفابەگی کوردی) و (صافی هیرانی)، ڕاستە صافی بیرۆکەکەی لە کوردییەوە وەرگرتووە، لەسەر هەمان کێش و سەروا نوسیویانە، کێشی ڕەمەڵی هەشتی مەحزوفە، پەیڕەوی یەک جۆر سەرواشیان کردووە، جێکەوتەی شیعرەکەی کوردی لەسەری دیارە، بەڵام صافی لە هەڵبژاردنی ئاوەڵناوەکاندا گۆڕانکاری کردووە، کۆمەڵێ سیفەت و ئاوەڵناوی زۆر جوانی هێناوە ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ ئامرازێکی پەیوەندی و پێکەوە بەستن خستوونیەتە پاڵ یەکتر، کە لێچواندنێکی بەهێز و ڕەوانی پێکهێناوە (گوڵ ڕووە، شیرین خووە ، سوورگوڵە ......)، هەروەها گرنگی زۆری بە مۆسیقا و ریتمی وشەکان داوە، بەهۆی دووبارەبوونەوەی دەنگەکان ئاوازێکی خۆشی دروستکردووە، تەنیا گرنگی بەسەروای دەرەوە نەداوە ، بەڵکو ڕەچاوی سەروای ناوەوەی دێرەکانیش کردووە:

**دولبەری ناز پەروەری ڕوو ئەنوەری مەهپارەکەم** سەروای ناوەوە (ری)
**نەونیهاڵ ئەبرۆ هیلال شیرین جەماڵ نازدارەکەم** سەروای ناوەوە  (ال)
**مەهرویێ موشکین مویێ چاو ئاهویێ سەحرای خوتەن** سەروای ناوەوە (یێ)
**جانی جانان شاهی خوبان ڕەهزەنی پیروجەوان**

لەم نیوەدێڕەدا دووبارەبوونەوەی دەنگەکانی (ا،ن) کە ڕیتم ومۆسیقای پێبەخشیوە،شەش جار (ا) دووبارەبۆتەوە ، شەش (ن) دووبارەبۆتەوە. ئەمە لەدێڕەکانی تریشدا بەدیدەکەین، هەمووی ئەوانەی باسمانکرد سەرچاوەی بەخشینی ئیستاتیکان بەشیعرەکە.

صافی هیرانی زۆر شارەزای بەرهەم و شیعرەکانی شاعیرانی پێش خۆی بووە و کاریگەری ئەوان بە بەشێکی بەرچاو لە شیعرەکانی دیارە، بەجۆرێک هەمان وشە و وێنە و بۆچوونی شیعری شاعیرانی کوردی پێش خۆی وەکو (نالی و کوردی )و شاعیرانی قۆناغی دوای ئەوانیش وەکو (وەفایی و تاهیربەگ) لە لا دووبارەبووەتەوە، بەڵام هەندێکجار بەشێوازی خۆی لە قاڵبێکی جیاواز و نوێدا، کەجێ دەستی خۆی لەسەر دیارە، وهەندێکجار داهێنان و ئیستاتیکایەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لە هەموویان زیاتر و بەپلەی یەکەم کاریگەری مستەفا بەگی کوردی لەسەرە، لە ڕووی هەڵبژاردنی وشە و کێشی شیعریی، لەڕووی گرنگیدانی زۆریان بە مۆسیقا و ڕیتم لەشیعرەکانیاندا، تەنانەت لەڕووی ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەشیان، سەر بەتەریقەتی قادری بوون و لەشیعرەکانیشیاندا زۆر باسی شێخ عەبدولقادری گەیلانییان کردووە.

**3-2- دەقئاوێزانی ئایینی :**

ئایین؛ مەودایەکی فراوانی لە ژیانی کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و تاکی کورد بەتایبەت داگیرکردووە، سەرچاوە و بوارێکی گرنگیشە لە مێژووی ئەدەبی کوردی، شاعیران بەشێوەیەکی بەرچاو سوودیان لەم بوارە وەرگرتووە، بەو پێیەی ئایین سەرچاوەیەکی سەرەکی زانست و ڕۆشنبیری و رووحی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بووە، لەبەرئەوەی شاعیرانی کلاسیکیش نەوەی حوجرە و مزگەوتەکان بوون و بەشێوەیەکی گشتی مەلا بوون، بۆیە دەبینین کاریگەری ئایین و ڕۆشنبیری ئایینی زیاتر بە دەقەکانییانەوە دیارە. بەسەرنجدان لە شیعرەکانی صافی، دەبینین ئەم جۆرەی دەقئاوێزان بەشێوەیەکی بەرچاو لەدەقەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

شاعیر زۆرجار سوودی لە چیرۆکە قورئانییەکان وەرگرتووە، هەروەک دەڵێت :

**موڵکی میسرم بۆ چییە؟ گەر ماهی کەنعانم هەبێ**

**چیم لە بــازاڕی زولەیخا یــوسفی ســەودا دەکـەم** (صافی، ٢٠١٥، ٢٠٠)

صافی لەم دێڕەدا سوودی لە چیرۆکی (یوسف)ی پێغەمبەر (علیە السلام) و زولەیخا وەرگرتووە. ئەم وەرگرتنەشی بەشێوەیەکی ئاگاییانە بەکارهێناوە و ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ کەرەسە و کەسێتییەکانی ناو چیرۆکەکە کردووە، بەجۆرێک بەپێی یاسای جوینەوە دەقئاوێزانی لەگەڵ ئەم چیرۆکە کردووە و ئاماژەی بەهەریەک لەناوی کەسێتییەکانی ناو چیرۆکەکە کردووە. دەشتوانین بڵێین هێنانەوەی کەسێتییەکانی ناو ئەم چیرۆکەیە بۆ ناو دۆخی ژیانی خۆی، ئەمەش لەئەنجامی ئەو ڕۆشنبیرییە ئایینیەی شاعیرەکە خۆیەتی و لە زۆر شوێنی تریشدا ئاماژەی پێکردووە.

لە نموونەیەکی تردا صافی دەڵێت :

**ڕۆژی عیدە چـاوەڕێتم بێــی بــەقوربـــــانم بکـەی**

**کوشتنیشت ڕەحمەتە سەد جار بە قوربانم وەرە** (صافی، ٢٠١٥، ٢٣٥)

صافی بە میکانیزمی هەڵمژین دەقئاوێزانی لەگەڵ چیرۆکی پێغەمبەر (ابراهیم و ئیسماعیلی کوڕی)(علیهم السلام) کردووە، ئەویش چیرۆکی بە قوربانیکردنی حەزرەتی ئیسماعیلە لەلایەن باوکییەوە، کە دواتر خوای گەورە لەپای بەخششەکەی باوکی بەرانێکی بۆ نارد تاکو بیکات بەقوربانی. بۆیە شاعیر ئاماژە بەوە دەکات ئامادەیە لە پێناو خۆشەویستەکەی ببێتە قوربانی، بەشکو ئەم قوربانییەشی بە ڕەحمەت بەسەردا بشکێتەوە.

یەکێکی تر لەو وەرگرتنانەی لە دەقەکانی صافیدا بەرچاودەکەون، ئەوەیە کەوا زۆرجار بە میکانیزمی تێکهەڵکێش دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقی ئایەتێک یان فەرموودەیەک یان شیعری شاعیرێکی تر ئەنجامداوە، بۆ نموونە لەم دەقەدا دەڵێت :

**سیری (سبحان الذی أسری) نیشانەی شــاهییەت**

**طرەیی خــەتمی ریــسالەت مــۆری فەرمانی توە** (صافی، ٢٠١٥، ٢٧٤)

(سبحان الذی اسری) ئاماژەیە بۆ یەکەم ئایەتی سورەتی (الاسراء) لە قورئانی پیرۆزدا کە باسی شەورەوی پێغەمبەر (محمد) (درودی خوای لەسەر بێت) دەکات. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ﴿ **سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ**﴾ (الإسراء، ٢٨٢) لەم دەقەدا شاعیر سوودی لە ئایەتی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دایناوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بۆ میکانیزمی تێکهەڵکێش بردووە و وەرگرتنەکەی لەسەر دامەزراندووە. بەمەش شاعیر بەشێوەیەکی ئاگایانە مامەڵەی لەگەڵ دەقئاوێزاندا کردووە و بە یاسای جوینەوە ئەنجامی داوە کە شێوازێکی

وەستاوە و لە دەقەکەدا سەرچاوەکە نەشونمای نەکردووە و تەنها هێنانەوەی ئایەتەکەیە وەک بەڵگەیەک بۆ پیشاندانی بەڵگەی بوونی خوای گەورە.

لە نموونەی دێڕە شیعرێکی تردا کە دەقئاوێزانی ئاینییە، صافی دەڵێت:

**یار یەدی بەیضای هەیە هات و تەلیسمی دڵمی بەست**

**بــــەو هــــەموو ئیعجــازە وا مــــەیلی لـە جــادوو کارییە** (صافی، ٢٠١٥، ٢٦٤)

لەم دێڕەدا (یەدی بەیضا) دەستی سپی، ئاماژەیە بۆ دەستی حەزرەتی مووسا، خوای گەورە لە سورەتی (النمل)دا باسی کردووە ﴿ وَأَدْخِلْ يَدَكَ فِي جَيْبِكَ تَخْرُجْ بَيْضَاءَ مِنْ غَيْرِ سُوءٍ فِي تِسْعِ آيَاتٍ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَقَوْمِهِ إِنَّهُمْ كَانُوا قَوْمًا فَاسِقِينَ﴾ (النمل، ص: ٣٧٧)، لێرەدا مەزراندنی ئەم ئایەتە لەم دێڕە شیعرەدا، توانا و سەلیقەی شاعیر دەردەخات، لە چۆنییەتی هێنانەوەی ئەم دەستەواژەیە بۆ ناو دەقەکەی خۆی، یاری چواندووە بەحەزرەتی موسا بەدەستی کە وەکو دەستی سپی و ڕووناکی ئەوە هەموو تەلیسمەکانی دڵی صافی بەستووە، چونکە دەستی یار کە هات و دەرکەوت وەکو مانگ لە دڵی صافیدا شەوقی دایەوە، ئەمەش جۆرێکە لەئیعجاز وپەرجووی یار، خواستنێکی بەهێزە ئەو سیفەتەی خستووەتە پاڵ یار، دواتر صافی لای سەیرە کە یار خاوەنی ئەو هەموو پەرجووەیە، کەچی هێشتا دەیەوێت جادووکاری بکات، لە کاتێکدا خۆی هیچ پێویست بەوە ناکات جادوو بکات، سەرنج دەدەین لە هەڵبژاردنی لێکچواندن و مەزراندنی ئەو وێنە و بیرۆکانە ئیستاتیکایەکی جوان و بەهێزی بەدەقەکە بەخشیوە.

### 2-4- دەقئاوێزانی ئەدەبی فۆلکلۆری:

ئاشکرایە کلتوری کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە، یەکێکە لەو سەرچاوە بەنرخ و گرنگانەی شاعیران بە شێوەی جیاواز سوودیان لێوەرگرتوون و بەرهەمی ئەدەبی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند کردووە، هەموو ئەو بەرهەمە فۆلکلۆری و کلتوورییانەی پێشینان کە لەبەردەستی نووسەران و شاعیراندا بووە، پاشخانێکی هونەری و هزری گرنگ بووە، ئەمەش بووەتە هۆی فراوانکردنی هزر و ئەندێشەی شاعیران و هەریەکەیان بە شێوازی خۆی وێنەی نوێ و ڕەهەندی نوێیان لێ بەرهەمهێناوەتەوە. صافی هیرانی بەهۆی ئەو ڕۆشنبیرییە فراوانەی کە هەیبووە لەبارەی کلتووری نەتەوەیی، بە هزر و ئەندێشەی خۆی سوودی لە بابەت و جۆرەکانی کلتوریی نەتەوەیی وەرگرتووە و بە شێوازی نوێ دایڕشتوونەتەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، صافی زیاتر سوودی لە سێ جۆری بەرهەمی فۆلکۆری ئەدەبی وەرگرتووە، ئەوانیش :

### 2-4-1- داستان:

داستان بەرهەمێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆرییە، بەرهەمێکی چیرۆکئامێزە، سەرگوزشتەی ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە، لەڕووی ناوەرۆکەوە بابەتی دڵداری و قارەمانێتی لەخۆدەگرێت. نموونەی داستانە نەتەوەیی و ڕۆژهەڵاتییەکان لە شیعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە و بوونەتە سەرچاوەی داهێنانی شیعری لای شاعیران، جا چ بە وەرگرتنی ڕاستەوخۆ بێت یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کەسایەتییەکانی ناو ئەو داستانانە بوونەتە ڕەمزی ئەدەبی و شاعیران چەندین شیعرییان لە نموونەی قارەمانێتی و هەستی بەرزی خۆشەویستی ئەواندا داڕشتووە. لەم ڕوانگەیەوە، صافی بەشێوەیەکی بەرچاو لە چەندین نموونەی دەقەکانیدا ئاماژەی بە داستانی (لەیل و مەجنون) کردووە، کە داستانێکی هاوبەش یان داستانێکی ڕۆژهەڵاتییە، بەمەش صافی چەندین شیعری لە وێنەی خۆشەویستی لەیلا و مەجنون هۆنیوەتەوە و بووەتە سەرچاوەی ئەندیشە و وێنەی شیعری؛ هەروەک دەڵێت :

**دڵ نــــەفامــە گــەر بڵێ عــەقڵــم بــۆ لای لــەیلا دەچم**

**هەر بە مەجنونی دەگا پێی قوڕ بە عەقڵ و هۆشییە** (صافی، ٢٠١٥، ٢٦٩)

شاعیر بە سوود وەرگرتن لە داستانی خۆشەویستی لەیل و مەجنون، بوونیاتی دەقەکەی دامەزراندووە، شاعیر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە داستانەکە کردووە و بەناوهێنانی کەسێتیە سەرەکییەکانی داستانەکە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ناو ڕووداوەکانی ئەو داستانە، شاعیر بە میکانیزمی هەڵمژین دەقئاوێزانەکەی دروستکردووە، بە یاسای تیلنیشان ئاماژە بۆ کەسێتییەکانی ناو ئەو داستانە دەکات و خۆی دەخاتە شوێنی مەجنون، هەروەک دەڵێت، نەفامە ئەگەر دڵم پێی وابێت دەگات بە لەیلا، چونکە یان پێی ناگات هەروەک چۆن کە مەجنون بە لەیلا نەگەیشت، یانیش ئەگەر پێی بگات هۆش و عەقڵی لەسەردا نامێنێت .

لە نموونەیەکی تردا دەڵێت:

**لــە بـۆ فـەرمانی یـارم هـەرچـی گـەردن کەچ نەبێ یاران**

**لە ژێر پێی جەهلەوە سەر دادەنێ وەک شێخی صەنعان** (صافی، ٢٠١٥، ٢٨٦)

شاعیر لەم دێڕەدا ئاماژە بەناوی (شێخی صەنعان) دەکات کە داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، هاوشێوەییەکی لەنێوان خۆی و شێخی صەنعاندا دروستکردووە، بەوەی هەرکەسێ بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی یار دەبێت هەمیشە ئامادەبێت بۆ قوربانیدان، تەنانەت ئەگەر وەکو شێخی صەنعان دینەکەشی بگۆڕێت، بەمەش پەیڕەوی لە میکانیزمی جوینەوە کردووە و دەقئاوێزانەکەی لەسەر دامەزراندووە.

لە نموونەیەکی تردا، لە چوارینەیەکدا صافی دەڵێت :

**مووددێکە لە هیجرانی تــۆ شـێوایە دڵــی من**

**ســـەرگەشتە و بێچــارە و ڕیسوایە دڵی من**

**پەیوەستە لە کێوان و لە صەحرایە دڵی من**

**مـەجنوون صیفەتە، مـائیلی لەیلایە دڵی من** (صافی، ٢٠١٥، ٣٢١)

ئەگەرچی ئەم چوارینەیە زیاتر کاریگەری شیعرەکەی (بێخود) پێوە دیارە کە بۆ پێغەمبەر (محمد)(درووودی خوای گەورەی لەسەر بێت) گوتووە، هەروەک بێخود دەڵێت:

**لەو ڕۆژەوە ڕۆشتووە تۆراوە دڵی من**

**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من**

**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**

**یاخۆ بە چ باخێکەوە سووتاوە دڵی من** (بێخود، ١٣٩١، ٧٥)

ئەمەش لە چەند جار بەکارهێنانەوەی (دڵی من) لە کۆتایی نیوە دێڕەکاندا، سەروا و ڕیتمی دەقەکەی ڕێکخستووە و لەهەمان کاتیشدا بە هێنانەوە و وەرگرتنی ( مەجنون صیفەت و لەیلا) دۆخی دەروونی خۆی ئاماژە پێدەکات کەوا چۆن هەروەک مەجنون لە تاوی هیجران و کۆچی یارەکەی ئاوارەی دەشت و کێوان بووە، ئەگەر سەرنجیش بدەین لە دێڕەکانی سەرەتادا زۆر قووڵ ئەو هەست و دۆخە دەروونییەتی دەربڕیوە و خوێنەر کەمەند کێش دەکات بۆ ئەوەی بگات بەوەی کە ئەوەی ڕوو لە دەشت و کێوان بووە هاوشێوەی مەجنوون بووە کە ئەویش خودی شاعیرە، ئەمەش ئیستاتیکایەکی هونەری بەشیعرەکە بەخشیوە. لەم نموونانەوە دەردەکەوێت کەوا صافی لە بەشێکی دیاری دەقەکانیدا سوودی لەسەرچاوە داستانییەکان وەرگرتووە و ئەمەش وایکردووە زیندوێتی بە سەرچاوە ڕەسەنەکان ببەخشێت.

**2-4-2- ئەفسانە:**

ئەفسانە جۆرێکی گرنگە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کورددیا، بەرهەمی بیری مرۆڤی کۆنە، ((ئەفسانە بیروباوەڕی مرۆڤی سەرەتا پیشاندەدات بەرامبەر دیاردەکانی سروشت، ئەو شتانەی لە سروشتدا یان ژیاندا پەیان پێ نەبردووە بە پێی تێگەیشتنی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ کردووە))(حەمە، ٢٠٢٣، ٢٣٢)، ئەفسانە و ئەو کەسێتی و ڕووداوانەی پەیوەندی بە ئەفسانەکانەوە هەیە، هەر لە کۆنەوە بوونەتە جێگای سەرنجی شاعیران و نووسەران، ئەم جۆرە بەکارهێنانەوەشیان زیندوێتی بەسەرچاوە رەسەنەکە دەبەخشێت و شاعیران کرۆکی دەقەکانی خۆیانیان پێ بەهێزتر و سەرنج ڕاکێشتر کردووە.

صافی دەڵێت :

**وەکو عارەب کە دەست و دامەنی ئێوەم عیلاجێ کەن**

**دڵی قـەقـنەس مـیـثالم وا لە کـوورەی سینە سووتـاوە** (صافی، ٢٠١٥، ٢٧١)

شاعیر لەم دێڕەدا باڵندەی (قەقنەس) ی ئەفسانەیی ئاوێزانی دەقەکەی کردووە و لە ڕێی هەڵمژینەوە وێنەیەکی تازەی بەبەر دەقەکەدا کردووە و دڵی خۆی بە (قەقنەس) چواندووە، (("قەقنەس"، باڵندەیەکی ئەفسانەییە، ئەو باڵندەیە باڵەکانی لێکدەدات هەتا دەسووتێت و دەبێت بە (خۆڵەمێش) ئینجا لەم (خۆڵەمێشە) قەقنەسێکی تر دروست دەبێت))(جەوهەر، ٢٠٢٢، ٢٠١). ئەم جۆرە دەقئاوێزانەش دووبارە زیندووکردنەوەی ئەفسانەی قەقنەسە لە زەینی خوێنەردا، هێنانەوەیەتی بۆ ئێستای گێڕانەوە، لەهەمانکاتیشدا شاعیر وێنەیەکی هونەری لە ڕێگای لێکچواندن و وەرگرتنەوە دروستکردووە. جگە لەمەش لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی بە ئەفسانەی (ئاوی حەیات) کردووە، ئەمەش بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ داستانی (گلگامیش) و ئەو بیرۆکەیەی کەوا مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بە دوای شتێکدا گەڕاوە کە بەنەمری بیهێڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە زۆربەی سەرچاوەکاندا (ئاوی حەیات) بەکارهاتووە و لە نموونەی دەقەکانی شاعیریشدا بەرچاودەکەوێت، بەڵام لێرەدا لەبەر درێژە نەدان بە بابەتەکە ئاماژەمان بە نموونەکە نەکردووە.

**3-4-2- پەندی پێشینان :**

ئاشکرایە پەندی پێشینان جۆرێکی گرنگ و پڕ بایەخی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە، ((بەو وتە جوانانە دەوترێت کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیان هاتوونەتە بوون لە چەند وشەیەکی کورت و سەروادارادا))(جەوهەر، ٢٠٢٢، ٢١٢)، ئەگەرچی پەندی پێشینان فۆڕمێکی کورت و بچووکی هەیە، بەڵام ناوەرۆکێکی قووڵ و واتاداری هەیە، بارودۆخی ژیان و فەلسەفەی ژیان دەردەخات، پەندی کوردیش هەڵقووڵاوی کۆمەڵگای کوردی و دۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردییە، شاعیران کەم تا زۆر بە شێوازی جیاواز سوودیان لەم جۆرەی فۆلکلۆر وەرگرتووە و لە دەقەکانیاندا بەکاریانهێناون. صافی وەکو شاعیرێکی کلاسیک سوودی لە پەندەکان وەرگرتووە و لە چەند دەقێکدا ئاماژەی پێکردوون، هەروەک دەڵێت :

**لە لایێ ئــارەزووی وەصـڵ و لـە لایێ دڵ شکستی یــار**

**گوریس ناگا بەیەک لا چۆن ئەگا ئەگەر بێ بە دوو لایی** (صافی، ٢٠١٥، ٢٩٨)

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا بە شێوەی تێکهەڵکێش پەندێکی کوردی ئاوێزانی دەقەکەی خۆی کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو پەندە (گوریس بە یەک لا ناگا نەخوازە بیکەی بە دوو لا) بۆ ئەم مەبەستەش بە شێوەیەکی ئاگاییانە مامەڵەی لەگەڵ وەرگرتنەکە کردووە بەپێی یاسای گفتوگۆ بەستوویەتییەوە بە حاڵەتی دەروونی خۆیەوە، واتا لە ڕێگای ئەم پەندەوە شاعیر دۆخە دەروونییەکەی خۆی ئاشکرا دەکات کە لە نێوان گەیشتن بە یار و ڕەتکردنەوەی یاردا چۆن بەرگەی ئەو ئازارە بگرێت

لەکۆتاییدا ئەم چەند جۆرە دەقئاوێزانانەی کەوا لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا بەرچاودەکەون هەریەکەیان بە شێوازی خۆیان جۆرێک لە ئیستاتیکای بە دەقەکان بەخشیوە، ئەمەش وایکردووە بەهای دەقەکان بەرزتر دەربکەون و خوێندنەوەی جیاواز بەدەقەکان ببەخشن، بەمەش ((کرانەوەی دەق و هەمە لایەنەی دەلالەتەکانی دەق و بەرجەستەکردنی تواناکانی نووسەر و خوێنەر وەک یەک کە خاوەنی باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و مێژوویین)) (محمود، ٢٠١٢، ٧٧) دەبنە سیمایەکی دیار و باشی دیاردەی دەقئاوێزان لەناو کردەی دەقی ئەدەبیدا. بەم پێیە ئەم فرەجۆرییەی لەناو دەقەکانی صافی هیرانیدا بەرچاودەکەون، نەک هەر ئەوەی کە بەهێزی زمانی شاعیر دەردەخات، بەڵکو پێگەی شاعیر لەناو شاعیرانی کورددا بەرزدەکاتەوە.

### ئەنجامەکان:

١. دەقئاوێزان لەناوشیعرەکانی صافی هیرانیدا فرەجۆرن، واتە بەشێوەیەکی گشتی سوودی لە هەموو جۆرەکانی دەقئاوێزان وەرگرتوە، بەڵام ڕێژەی سود وەرگرتنەکەیان جیاوازە.

٢. دەقئاوێزانی ئاینی لەشیعرەکانی صافی دا کە دەچێتە خانەی دەقئاوێزانی دەرەکییەوە، بەهێزترین سەرچاوەی دەقئاوێزانەکانییەتی، خاوەنی ئیستاتیکاییەکی بەهێز لە هەڵبژاردن وڕێکخستنی وێنە و وشەکان و پانتاییەکی زیاتری لەوانەی تر داگیرکردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، صافی هیرانی جگە لەوەی مەلا بووە و لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر و سەر بەتەریقەتی قادری بووە،خاوەنی پاشخانێکی بیری وڕۆشنبیری فراوانبووە، یەکێک بووە لەوشاعیرانەی تەصەوف وئەدەبیان بەیەکەوە کۆکردووەتەوە.

٣. دوای دەقئاوێزانی ئاینی دەقئاوێزانی ئەدەبی ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، دەقئاوێزانی ئەدەبیش مەبەست کاریگەری وکارتێکردنی شاعیرانی ترە لەسەر شیعرەکانی صافی، شاعیرانی ئەو سەردەمە (نالی ،کوردی، سالم)وسەردەمی دواتریش (وەفایی ،تاهیربەگ) لەناوئەمانەشدا کاریگەری (مستەفابەگی کوردی) بە پلەی یەکەم دێت، ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەشاعیر لە ڕووی بیر و وێنە و ئایدیاجێکەوتی ئەم شاعیرانەی لەسەربووە، جگە لەوەش ئەوە دەردەخات کە صافی خوێنەرێکی وردی بەرهەمەکانی ئەو شاعیرانە بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی شێواز و تایبەتمەندی خۆیەتی، بۆیە بەشێک لەم دەقئاوێزانانەی ئیستاتیکاییەکی جوان و کاریگەریان هەیە، توانیویەتی لەڕێی هەڵبژاردنی وشەی لەبار و ڕێکخستنی دەنگەکان و دروستبوونی ڕیتمێکی سەرنجڕاکێش و گونجاو، سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت.

٤. دەقئاوێزانی کلتووری و فۆلکلۆری نەتەوەیی مەودایەکی باش لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا پێکدەهێنێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ڕۆشنبیرییە فراوانەوە بووە کەوا شاعیر لە ئەزموونی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خۆی هەیبووە، تیایدا شاعیر بە یاساکانی تێلنیشان و وەرگرتن و تێکهەڵکیش و میکانیزمە جیاوازەکان بوونیاتی دەقئاوێزانەکانی دامەزراندووە، ئەمەش وایکردووە زیندوێتی بە دەقە نائامادەکان ببەخشێت، لە هەمانکاتیشدا زۆر جار شاعیر بەشێوەیەکی ئاگاییانە و ڕاستەوخۆ دەقە ڕەسەنەکانی گواستووەتەوە بۆ ناو دەق و ئەندێشە و هزری خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە.

٥. بە خوێندنەوەی دەقەکانی شاعیر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، شاعیر لە کارلێک و پەیوەندییەکی بەردەوام دابووە لەگەڵ دەقەکانی پێش خۆی، هەروەها توانایەکی باشی هەبووە لە زیندوکردنەوە و گونجاندنی دەقە نائامادەکان و هێنانەوەیان بۆ ناو دەقی ئامادە، ئەوەی ئیستاتیکاشی بەم دەقانە بەخشیوە چۆنیەتی مەزراندن و گونجاندنی دەقی نائامادەیە لە ڕووی ڕیتم و زمانی شیعری و ئەو وێنانەی لە خەیاڵدانی شاعیرەوە سەرچاوەیان گرتووە.

## سەرچاوەکان:


- ابراهیم و ابراهیم، ابراهیم محمد و زانیار زیاد، ٢٠٢٣، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی "قوبادی جەلیزادە"دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی ١٠، ژ: ٣ .
- بەرزنجی، عەلی تاهیر، ٢٠٢٠، ئاسۆی دەق، چ١، چاپخانەی نیڤا، سلێمانی.
- بێخود، ١٣٩١، کۆکردنەوە و ڕێکخستن و لەسەر نووسینی موحەممەدی مەلا عەبدولکەریم، انتشارات کردستان، چ٢، سنە.
- مستەفا، ئاسۆ عومەر، ٢٠٠٩، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر، دەزگای موکریان، چاپخانەی خانی.
- حەمە، ئەڤین ئاسۆس، ٢٠١٢٣، ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.
- صافی، ٢٠١٥، لێکۆڵینەوەوساغکردنەوەی محەمەد مەلامستەفاهیرانی، چ/٢، هەولێر.
- کوردی، ٢٠١٠، لێکۆڵینەوەوساغکردنەوەی محەمەد مستەفا،دەزگای ئاراس،هەولێر.
- محمود، شنۆ محمد، ٢٠١٢، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- محمد و قادر، عبدالقادر حمە امین و ئاوارە فەرەیدون، ٢٠١٥، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ٤٦.
- محەمەد، ئەنوەر قادر، ٢٠٠٦،دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی١٢٠٧-١٢٧٣ و مەولەوی تاوەگۆزی ١٨٠٦-١٨٨٢، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ١٨.
- نالی، لێکۆڵینەوەوساغکردنەوەی،محەمەدی مەلاکەریم ،کۆڕی زانیاری کورد،بەغداد،١٩٧٦
- عزیز، سامان جلال، ٢٠١٤، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لەشیعری(هەردی،دیلان،ع.ح.ب،کامەران)، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- عزیز، سامان جلال، ٢٠١٩، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی گۆراندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ: ٥٩.


### بەزمانی عەرەبی :


- البیاتی، بدران عبدالحسین محمود، ١٩٩٦، التناص فی شعرالعصر الاموی، اطروحة دکتورا، جامعة الموصل.
- الدهون، ابراهیم مصطفی محمد، ٢٠٠٩، ،التناص فی شعرابی علاء المعری، اطروحة دکتوراه، جامعة الیرموک، اربد، اردن.
- رابح و سعاد، حساین و بن سنوسی، ٢٠٢١، بلاغه التناص وتحولات المعنی فی القصیدة الجزائریة المعاصرة، مجلة آفاق العلمیة، مجلد: ١٣، العدد:٣، الجزائر.
- زیادی، صدام، ١٩٨٩، المدخل الی الفلسفة، دارالحریة للطباعة، بغداد.
- الزعبی، احمد، ٢٠٠٠، التناص نظریا وتطبیقیا، مکتبة الکتانی، اربد.
- الشایب، احمد، ١٩٩٤، اصول النقد الادبی، مکتبة النهضة المصریة، القاهرة.
- عزمی، جمانه محمد، ٢٠١٨، التناص فی روایات واسینی الاعرج (رمل المایة أنموذجا)، مجلة جامعة القدس المفتوحة للأبحاث والدراسات، ع: الثالث والاربعون (١).
- عبدالله و الترتوری، محمود و محمد عوض، ٢٠٠٦، التربیة الجمالیة علم النفس الجمال، دارالشروق للنشروالتوزیع، عمان.
- عزام، محمد، النص الغائیب (تجلیات التناص فی الشعر العربی)، ٢٠٠١، منشورات اتحاد الکتاب العرب، دمشق.
- المرتجی، انور، ١٩٨٧، سیمیائیة النص الادبی، دار البیضاء، المغرب.
- مطر، امیرة حلمی، ١٩٦٢، فلسفة الجمال، دار القلم، القاهرة.
- مفتاح، محمد، ١٩٩٢، تحلیل الخطاب الشعری استراتیجیة التناص، المرکز الثقافی العربی، الدارالبیضاء.
- ناهم، احمد، ٢٠٠٤، التناص فی شعر الرواد،دارالشؤون الثقافةالعامة،العراق،بغداد.

**جماليات تنوع التناص فى اشعار (صافى هيرانى )**

**ناز احمد سعيد**
مديرية التدريب،مديرية العامة لتربية السليمانية،
وزارة التربية، اقليم كوردستان.
Naz.saeed@univsul.edu.iq

**اڤين اسوس حمه**
مديرية تربية رانيه، مديرية العامة تربية رابرين،
وزارة التربية، اقليم كوردستان.
avin.asos@uor.edu.krd

**الملخص**

إن طور الأدب وجمالياته في بعض الظروف مرتبط بعلاقات داخلية. فإن التناص كطريقة وأسلوب نقدي يكون على علاقة متعاونة وطاقة إجابية للكشف عن تطور لهذه الجماليات. علاوة على ذلك فإن من خصائص النص الأدبي هي أن كل نص من هذه النصوص في علاقة تأثرية مع النصوص التي سبقته، يبدو هذا كظاهرة أدبية يتجسد نفسه في ضوء هذا التناص. لذا فإن هذا البحث هو محاولة للكشف عن الخصائص الجماليات المتعددة أو المتنوعة ويتجلى ذلك وضوحا في أشعار صافي. فإن التناص كظاهرة أدبية متعلقة حسب تأثر وانفعال الشعراء بعضهم مع البعض.

ولذلك فإن صافي هيراني ( الهيراني) كشاعر كلاسيكي كان تحت تأثير شعراء الكلاسيكيين وفي نفس الوقت يظهر وعي الشاعر وهيمنته النتائجة لهذا التأثر على الظواهر الأدبية والثقافية والفكرية في عصره، وفي ضوء هذا ينتج ويظهر ثمرة هذا التأثر. وقد كشف بحثنا هذه الأبعاد ذات الجماليات للتنوع النصي الذي ينعكس في النصوص الشعرية للشاعر، وكذلك الظواهر النصية الناتجة عن تأثره بالشعراء الكلاسيكيين من جهة وأبعاد النص التراثية والدينية والثقافية والعادات الشعبية من جهة أخرى .

يتكون بحثنا من مقدمة وعدة محاور : تعريف مفهوم التناص، آليات التناخ وقوانينه، جماليات التناص، أنواع التناص كنموذج نصوص سافي هيراني (الهيراني)، جماليات التنوع النصي في نصوص سافي هيراني (الهيراني ) نتيجة لهذا التنوع وتعدد في تأصيل الجماليات وتطور نصوصه، أحدث نصا حيا، أو نصوصة حيوية.وأخيرا لقد عرضنا نتائج بحثنا في عدة نقاط.

**الكلمات المفتاحية**: الجماليات، التنوع، التناص، التأثير و الانفعال، سافي هيراني( الهيراني ).

**Esthetic Diversity of Intertextuality in SAFY's Poems**

**Naz Ahmad Saeed**
Directorate of Traning
General Directorate Education of Sulaimania
Ministry of Education
Naz.saeed@univsul.edu.iq

**Avin Asos Hama**
Directorate Education of Rania/ Raparin General Directorate of Education
Ministry of Education
avin.asos@uor.edu.krd

**Abstract**

Development and esthetic literature depend on local communication in some situation. Intertextuality like method and critical theory which is a positive energy supporter for showing the forms of development and esthetic except of this. This one of the special of literary text may be influenced by previous text, which is seen like literary phenomenon and shown itself under intertextuality terms. In line with this research is tried to show this esthetic phenomenon by effective diversity of intertextuality in SAFY HIRANY'S poems are appeared.

Intertextuality like literary phenomenon. Which is related to the rate of effect poets with each other. So SAFY HIRANY as a classic poet who was influenced by the other classic poets, his awareness and expert who had on literary phenomenon, tradition and cultural stage showed the result of these effect by helping this effect. Our research appeared this esthetics part which are diversity of intertextuality in the text of his poems just like showing this intertextuality phenomenon as a result of effecting classic poets from one side to the other side, it appeared the parts of cultural intertextuality, religious culture and tradition.

Our research consists of introduction and some other elements such as; define esthetic, intertextuality terms, rules of intertextuality, esthetic intertextuality, subtypes of intertextuality by examples from SAFY HIRANI texts, as a result of this diversity and all kinds of esthetic that had grown his texts and made anew living text. In the end we have shown research result with some points.

**Key words:** Esthetic, Diversity, Intertextuality, Effect, SAFY HIRANI.